وەزارەتی ناوخۆ پیلانی ئاژاوەگێڕی لەبەردەم باڵیۆزخانەی سوریا پووچەڵکردەوە و هاندەرە سەرەکییەکەی دەستگیر دەکات



وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئەمڕۆ هەینی دەستگیرکردنی کەسێکی ڕاگەیاند کە تەمەتبار بە هاندانی خێپیشاندان لەبەردەم باڵیۆزخانەی سوریا لە بەغدا و وروژاندنی ئاژاوەگێڕی.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا کە دەست موتەعە کوتووە ڕایگەیاندووە، "بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواگرییە وردەکان و بە پشتبەستن بە ڕەزامەندی دادوەری، یەکینەکانی هەواگری و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ڕەسافە لە دەزگای هەواگری و لەکۆینەوەی فیدرالی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ توانیان تەمەتبارێک دەستگیربکەن کە گردبوونەوەیەکی بەردەم باڵیۆزخانەی سوریا لە ناوچەی مەنسووری بەغدا هانداوە و ئاژاوەی تێدا دروستکردووە".

ئاماژەی بۆشکرد، ڕووشوێنی یاسایی پێویست بۆرامبەری گیراوەتەبەر، هەروەها لەکۆینەوە و کاغەزەکانی یاسایی تەواوکراون بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت سزای دادپەروەرانەی خێی وەربگرێت.

وەزارەتەکە هەشداری داوە لە "هەوڵدان بە هاندانی ململانێ یان هەڕشکردنە سەر میوانانی عێراقی بە هەموو ناسنامەکانەوە، هەروەها دەزگا و فەرمانگە تایبەتمەندەکان بە تووندی ماملە لەگەڵ هەر کەسێک دەکەن کە بوێری دەستکاریکردنی ئاسایشی هەبێت".